# فەرمانی زانکۆیی

## ب/ هاندان بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی

پشت بەست بە بڕگەی (١١) یازدە لە نووسراوی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ژمارە (١٨٠٩٣) لە (٢٩ /١١/ ٢٠١٦). وە ئاماژە بە بڕگەی (ب) لە کۆنووسی ژمارە (٦)ی ئەنجومەنی زانکۆمان کە سازدرا لە ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی (٢٠١٧/٢/١٣) وە بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بڕیار درا بە:-

خەرجکردنی ئەو بڕە پارەیەی لە خوارەوە دیاریکراوە بۆ ئەندامانی دەستەی وانە ووتنەوەی زانکۆمان دوای بلاوکردنەوەی توێژینەوەی زانستی، وە بەپێی ئەو مەرجانەی لەم فەرمانەدا ئاماژەی بۆ کراوە.

یەکەم: بۆ ئەو گۆڤارانەی لە لایەن (Thomson Reuters ) یان (Scopus) لیست کراون، یان (DOI) هەیە:

١- بۆ ئەو گۆڤارانەی لە لایەن (Thomson Reuters ) لیست کراون:

أ- بڕی (١,٥٠٠,٠٠٠) یەک ملیۆن وپێنج سەد هەزار دینار بۆ هەر توێژینەوەیەك کە (IF)ی لە (٢) کەمتر نەبێت.

ب- بڕی (١,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن دینار بۆ هەموو توێژینەوەیەك کە (IF)ی لە نێوان (١ — ١,٩٩) بێت.

ج- بڕی (٧٥٠,٠٠٠) حەوت سەد و پەنجا هەزار دینار بۆ هەر توێژینەوەیەك کە (IF)ی لە نێوان (٠,٥ - ٠,٩٩) بێت.

٢- بۆ ئەو گۆڤارانەی کە لە لیستی (Scopus) تۆمار کراون یان (DOI) هەیە.

أ- بڕی (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار بۆ بڵاوکردنەوەی هەر توێژینەوەیەك کە لە لیستی گۆڤارەکانی (Scopus)دا بێت.

ب- بڕی (٢٥٠,٠٠٠) دوو سەد و پەنجا هەزار دینار بۆ ئەو گۆڤارانەی کە (DOI) هەبێت.

- بۆ بینینی لیستی گۆڤارەکانی (Thomson Reuters) یان (Scopus) کرتە لەسەر ئەم لینکە بکە

www.nur-krg.net/documents

دووەم: دانانی کتێب:

أ- بڕی (٧٥٠,٠٠٠) حەوت سەد و پەنجا هەزار دینار بۆ هەر کتێبێکی زانستی بڵاوکراوە و چاپکراو لە لایەن دەزگایەکی بەناوبانگ بە (Peer Review) و پێویستە ئەو دەزگایە لە لیستی (Web Of Science)دا بێت.

ب- بڕی (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار بۆ هەر کتێبێکی بڵاوکراوە و چاپکراو بەبێ (Peer Review) بە مەرجێك کتێبەکە (ISBN)ی هەبێت.

— بۆ وەرگرتنی زانیاری پێ پێویست لەسەر (ISBN) و لیستی (Web OF Science) سەردانی سایتی (NUR)ی وەزارەتمان بکە.

سێ یەم: بەشداری لە کۆنفرانسی زانستی بە توێژینەوە:

١- بەشداری لە کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی بە توێژینەوەی زانستی.

أ- خەرجکردنی بڕی (٦٠٠,٠٠٠) شەش سەد هەزار دینار بۆ وولاتانی دراوسێی (کوردستان و عێراق)، وە (٩٠٠,٠٠٠) نۆ سەد هەزار دینار بۆ وولاتانی تر.

ب- خەرجکردنی پارەی مانەوەی ئوتێل ( چوار ئەستێرە بەرەو خوار) تا دوو شەو.

ج- خەرجکردنی پارەی بەشداربووەکە لە کۆنفرانس گەر داوا کرابوو.

٢- بەشداری لە کۆنفرانسی زانستی هەرێم و عێراق بە توێژینەوەی زانستی.

أ- خەرجکردنی بڕی (٢٠٠,٠٠٠) دوو سەد هەزار دینار.

ب- خەرجکردنی پارەی مانەوە لە ئوتێل (چوار ئەستێرە بەرەو خوار) بۆ ماوەی ٢ شەو.

ج- خەرجکردنی پارەی بەشداربوون لە کۆنفرانس گەر داوا کرابوو.

— بۆ بەشداری لە کۆنفرانسی نێودەوڵەتی یان هەرێمی مەرجە توێژینەوەکە لە گۆڤارێکدا بڵاوبکرێتەوە کە (DOI)ی هەبێت یان لەلیستی (Thomson Reuters) یان (Scopus) بێت یان لە (Proceeding)ی کۆنفرانسێکدا بڵاوبکرێتەوە کە (Indexing) کرابێت لە (Thomson Reuters) یان (Scopus). وە بڕی پارەی دیاریکراو خەرج ناکرێت تا توێژینەوەکە ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی وەرنەگرتبێت.

چوارەم: مەرجە گشتییەکان:

١- پێویستە لەسەر توێژینەوە بڵاوکراوەکان ناوی زانکۆی گەرمیان تۆمار کرابێت.

٢- بڕی پارەی دیاریکراو دوای بڵاوکردنەوە خەرج دەکرێت، بەڵام بۆ ئەو گۆڤارانەی لە لیستی (Thomson Reuters) دان و مەرجەکانی ئەم فەرمانانەیان تێدایە دەکرێ لەسەر داواکاری توێژەر بڕی (٣٥٠,٠٠٠) سێ سەد و پەنجا هەزار دینار لە کۆی پارەی دیاریکراو خەرج بکرێت لە کاتی وەرگرتنی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە بە بەڵگەی پێویست، وە ئەگەر توێژینەوەکە بڵاونەکرایەوە بە هەر هۆکارێك پێویستە بڕی پارەکە بگێڕێتەوە.

٣- هاندان بەرامبەر بە توێژینەوە خەرج دەکرێت و بڕی پارە زیاد ناکرێت کاتێك ژمارەی توێژەر لە کەسێك زیاتر بوو وە هەمان شێوە بۆ بەشداری لە کۆنفرانس.

٤- سەرجەم توێژەران سوپاس و پێزانینیان ئاراستە دەکرێت لە لایەن سەرۆکایەتی زانکۆوە.

٥- بڕی پارەی تایبەت بە بەشداری کۆنفرانس کاتێك خەرج دەکرێت کە بسەلمێنرێ توێژینەوەکە بڵاودەکرێتەوە.

٦- خەرجکردنی پارەی تەرخانکراو لەسەر داواکاری توێژەر دەبێت.

٧- بەڕێوەبەرایەتی سەنتەری توێژینەوەی زانکۆمان ووردبینی لایەنی زانستی و ئەکادیمی ئەو توێژینەوە و کۆنفرانس و کتێبانە دەگرێتە ئەستۆ کە لەم فەرمانە ئاماژەی بۆ کراوە وە بە نووسراوی فەرمی سەنتەر بڕی پارە خەرج دەکرێت.

٨- ئەم فەرمانە مامۆستایانی دامەزراو بە گرێبەست دەگرێتەوە.

٩- ئەم فەرمانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت.

پ.د.فاروق عبدالله کریم
سەرۆکی زانکۆ

وێنەیەك بۆ:-

- وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی / نووسینگەی بەڕێز وەزیر / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ.
- نووسینگەی بەڕێز (ی)سەرۆکی زانکۆ.
- بۆ سەرجەم کۆلێج و بەشەکانی زانکۆمان.
- بەڕێوەبەرایەتی سەنتەر توێژینەوەی زانکۆمان بۆ کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی دارایی بۆ کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی وردبینی.
- دۆسیەی نووسراوی دەرچوو.

کەلار- شەقامی سەرەکی کەلار-کفری
Tel:(07480125507)
E-mail(p.garmianuniv@yahoo.com)
سرتیب ٢٨/ ٢